# کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، چی پێدەکرێ؟

**مام جەوهەر**

هەموو چین‌و توێژێکی کۆمەڵ، مافی خۆیەتی کۆمەڵەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی هەبێت، ئەمەش بەتەنیا تایبەت نییە بەئێمەی کورد، بەڵکو لەسەرجەم وڵاتانی دونیا، هەر گروپ‌و دەستەیەك کۆمەڵەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەتیش ئەو شۆرشگێڕو جەنگاوەرانەی لەیەکێك لە قۆناغەکانی مێژوو، بەشداریان لەبزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەیان یا لەشەری رزگاری گەلەکەیان کردووە. کە ساڵانە لەرۆژی رزگاری یا رۆژی خۆیان پێویستە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە رۆژێك بەناوی رۆژی پێشمەرگە بریاری لێبدرێت کە هەر گروپەش رۆژی خۆی هەیە، بەشانازییەوە باسیان لێوە دەکری‌و مەدالیای رێزلێنانیان پێ دەبەخشری، بەڵام ئەوەی لای خۆمان بەداخەوە لەبەر کۆمەڵێك کارو کردەوەی ناشایستە لەپێش‌و لەدوای راپەرین بەبەرگ‌و ناوی پێشمەرگایەتی ئەنجام دران، خەریکە ناو ناوبانگی ئەو شۆرشگێرانەی لەسەردەمێکا خۆشەویست‌و قارەمانی رۆژە سەختەکان بوون، لەکەدار بکرێن‌و ناوناوبانگیان لەجیانی رێز لێرەو لەوێ بەتایبەتی لای نەوەی نوێ بزرێنرێ.

لەدوای راپەرینە پرشکۆکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کەبەشێکی زۆری خاکی کوردستان ئازاد کراو، دواتریش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوساوە هەرچینەو رێکخراوی تایبەت بەخۆی بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی دامەزراند، کەئێستا لەژمارە نایەن.

ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم، بەدرەنگەوە دروستبوونی "کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان"ە، کە دەیوایە لەدوای راپەرینەوە هەر بەزوویی ئەو کۆمەڵەیە دروست بکرابایە، چونکە خۆشبەختانە لەسایەی خوێنی شەهیدان‌و قارەمانێتیی‌و ماندوبوونی پێشمەرگە دێرینەکان‌و هاوکاری جەماوەری گەلی کوردستان، ئەوەی دەیبینین بەدیهاتنی بەشێك لەئاواتەکانمانەو هەروەکو دووسەرۆك (کۆماری عێراق‌و سەرۆکی کوردستان)و (چەندین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، چەندین وەزیر لەکابینەکانی حکومەتی هەرێم‌و چەند وەزیرێك لەحکومەتی عێراق، هەر هەموویان پێشمەرگەی دێرینی کوردستان بوینە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، ئایا ئەو کۆمەڵەیە چی بۆدەکرێ‌و چی لەباردایە بۆ پێشمەرگە دێرینەکان؟ یان تاچەند حکومەت هاوکاری دەکات، ئەگەر کۆمەڵە بتوانێ بەتایبەتی پێشمەرگە دێرینەکان لەو تێکەڵ‌و پێکەلیەی ئێستا هەیەتی رزگار بکات‌و ئەو جیاوازیانەی لەنێوان پێشمەرگەیەك‌و یەکێکی تر بەپێی ئەرك‌و ماندوبوون‌و ساڵی پێشمەرگایەتی، نەك بەپێی خزم خزمێنەو تا چەند لەم‌و لەو لەدەسەڵات نزیکە، مافەکانیان بۆ دابین بکات، بەتایبەتی هەروەکو لەئێستا دەیبینین باش‌و خراپ بەیەکەوەو لەریزێك دەوەستن بۆ وەرگرتنی موچە کە ئەویش هەر بەناوی پیرۆزی پێشمەرگەیە، بگرە هەندێکیان لە تایبەتیەکەش بێبەشکراون‌و هەندێکیش پێشی پێشمەرگەی دێرین خراون‌و دەخرێن!!!.

بۆیە پێویستە ئەو کۆمەڵەیە ببێتە جێگای ئومێدی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، بەتایبەتیش هەوڵی جددی بدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان کۆمەڵە بتوانێ بەیەکگرتوویی ببێتە مەیدان، بۆخزمەتی ئەو ئامانجانەی لەپێناویدا دروست بووە، رۆژگارێگ بەبێبەرگی‌و بەبرسیێتی بێ ئەوەی تروسکایەك هەبێ، تەنیا پشتیوانیەکی هەیبوبێ شاخە سەرکەشەکانی کوردستان‌و جوتیاری رەش‌و رووتی گوند نشینەکان‌و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بوون.

**ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان‌و بەرپرسی بەشی پێشمەرگایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**

# لەدایکبوونی دێرین



بەمەبەستی چالاکترکردنی کارەکانی راگەیاندنی کۆمەڵەو دەرچواندنی رۆژنامەیەك وەك زمانحاڵی کۆمەڵە ، بەشی راگەیاندنی (ك.پ.د.ك) بانگهێشتی کادرانی راگەیاندنی حزبەکانی بەشداربووی کۆمەڵەی کردو لە دوو کاتی جیاوازدا کۆبونەوەکان ئەنجامدرا و قسە لەسەرناوو ناوەرۆکی رۆژنامەکە کرا.

*کۆبونەوەکان کە رۆژانی 27 و 2006/7/31 بە بەسەرپەرشتی بەرێز بێستون سابورئاوایی لێپرساوی بەشی راگەیاندن بەڕێوەچوو، کادران‌و شارەزایانی کەناڵەکانی راگەیاندن چەندین سەرنج‌و پێشنیازی بەکەڵکیان ئاراستەی ستافی بەشی راگەیاندن کردو دوپاتیشیان کردەوە هاوکارو پشتیوانێکی بەردەوامی رۆژنامەی چاوەڕوانکراوی کۆمەڵە بن ..

شایانی باسە چەند جارێك‌و لەدوو کۆبونەوەی ئاماژە بۆ کراودا قسەلەسەر ناوی رۆژنامە کراو، هەموو خەمخۆرانی ووشەی پێشمەرگەو رێبازی کوردایەتی و شۆرش، پێشنیازی چەندین ناویان کرد، ئەوەبوو بۆ دواجار لەکۆبونەوەی هاوبەشی نێوان ستافی راگەیاندن‌و بەرێزان محەمەد تەیب و هاورێ حەمەرەشید قەرەداغی جێگرانی سەرۆکی کۆمەڵەو هاورێ عەتا ئەندامی ئەنجومەنی بالا، بریاردرا ناوی ئەم رۆژنامەیەی بەردەستان (دێرین) بێت کە ئەو ناوەش گوزارشتە لە ناوی پێشمەرگە دێرینەکانی حزب‌و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان.

# پیرۆزبێت
# یادی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان

رۆژی 8ی ئاب "30"ساڵ رابورد بەسەر دامەزراندنی "حزبی سۆسیالیست دیموکراتیی کوردستان"، ئەو حزبەی لەرۆژگارە هەرە سەختەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، دوای شکستی شۆرشی ئەیلول لەپیلانێکی نامرۆڤانەی نێودەوڵەتیی، کەهەموو دەروازەکانی بەرگریان لەشۆرشگێرانی گەلەکەمان داخستبوو، کەپێیان وابوو ئەو بزوتنەوە بەیەکجاری لەناودەبەن. کۆمەڵێك لەسەرکردەو کادیرانی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، دوای چەندین کۆبونەوەو راگۆرینەوە، بریاری هەڵچونەوەو بەرگریکردن لەخاك‌و خەڵکی کوردستان‌و دەنگی نەمری‌و نوچ نەدانیان لەشاخ‌و ئەشکەوت‌وچیا سەرکەشەکانی کوردستان راگەیاند.

ئێمە بەناوی دەستەی نوسەران‌و ستافی رۆژنامەی (دێرین) کە زمانحاڵی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە، پیرۆزبایی خۆمان لەو یادەدا بۆ سەرجەم تێکۆشەرانی ئەو حزبە دەردەبرین‌و ئومێد دەخوازین ئەم یادە هاندەرێکی تربێ لەبۆ پێشەوە چوونی خەباتی حزبی سۆسیالیست لەپێناو گەیشتنی گەلەمان بەمافی چارەی خۆنوسین کەخۆی لەرزگاری‌و سەربەخۆییدا دەبینێتەوە.

# درێژەی لقی ئەوروپا...

بەرێز جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لەو سەردانەیدا بۆ وڵاتی ئەلمانیاو سوید، چەند کۆبونەوەیەکی

رۆژی 2006/7/19، کەرتی رێکخستنی میونشن-ی ئەلمانیای یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ئێوارە کۆرێکی بۆ بەرێز کاك جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ساز کرد، لەکۆرەکەدا کەئەندامان‌و لایەنگرانی یەکێتیی‌و قارەمان عەسکەری کارگێری رێکخراوە دیموکراسییەکانی کۆمیتەی ئەلمانیای حزبی شیوعی کوردستان ئامادەیبوون. لەکۆرەکەدا جەمیل هەورامی تیشکی خستە سەر بارودۆخی کوردستان‌و گۆرانکارییەکانی ناوچەکەو رۆڵی کورد لە هاوکێشە سیاسیەکاندا، بەشێکی تری کۆرەکەی تەرخانکرد بۆ مەسەلەی ریفۆرم لەناو یەکێتیداو رۆڵی پێشمەرگەو مێژووی پرسەروەری ئەم هێزە قارەمانەی بەرز هەڵسەنگاندو باسیشی لەدامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کردو پێویستی‌و کۆکردنەوەو رێکخستنی پێشمەرگە دێرینەکانی پەراگەندەی دەرەوەشی بەگرنگ زانی لەچوارچێوەی دامەزراندنی لقی ئەوروپای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستاندا.

لەکۆتایی کۆرەکەدا لەلایەن بەشداربوان چەندین پرسیار ئاراستەی بەرێز جەمیل هەورامی کرا، بەتایبەتی ئەو کەمتەرخەمیانەی بەرامبەر بەپێشمەرگە دێرینەکان کراوە، بەڵێنیدا هەموو رەخنەو پێشنیارەکانیان بەئەمانەتەوە بگەیەنێتە شوێنیی خۆی. هەروەك پێشتریش سەرۆکی کۆمەڵە لەشاری هانۆڤەر هەمان کۆری سازکردبوو.

رۆژی 2006/7/26، بەرێز جەمیل هەورامی سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، هاورێ لەگەڵ شێخ شەماڵ نوێنەری بەرێز مام جەلال لەئەوروپا و بەئامادە بوونی کارگێری کۆمیتەی رێکخستنی(ی.ن.ك) لەسویدو ژمارەیەکی دیارو بەرچاوی پێشمەرگەی دێرینی گەلەکەمان لەشاری یۆتۆبۆری باشووری سوید کۆبونەوەیەکی فراوانی ئەنجامدا.

جەمیل هەورامی باسی لەرۆڵی گرنگی سەرجەم پێشمەرگە ماندونەناسەکانی گەلی کورد کرد، ئەوانەی دەیان ساڵە گیانی خۆیان لەسەر لەپی دەستیان بوو، پاشانیش باسی لەکردنەوەی لقی ئەوروپای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کرد، کە بارەگای سەرەکی لەوڵاتی سوید دەبێت، لەهەر وڵاتێك لەوڵاتەکانی تریش کۆمیتەی خۆی دەبێت، بۆئەم مەبەستە لەشاری یۆتۆبۆری، جەلالی مەلا مستەفا بەبەرپرسی کۆمیتەی شاری یۆتۆبۆری دەستنیشانکرا.

پاشان شێخ شەماڵ نوێنەری بەرێز مام جەلال وتەیەکی پێشکەش کردو بەناوی بەرێز مام جەلالەوە پشتگیری یەکێتیی بۆدامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە دەبری.

هەمان رۆژ بەرێز جەمیل هەورامی‌و شێخ شەماڵ نوێنەری بەرێز مام جەلال لەشاری ستۆکهۆڵم بەئامادەبوونی ئاری شێخ نوری بەرپرسی کۆمیتەی رێکخستنی سویدی (ی.ن.ك) لەگەڵ نوێنەری پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان لەبارەگای کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتیی لەسوید لەشاری ستۆکهۆڵم کۆبوەوە.

جەمیل هەورامی باسی لەخەباتی پێشمەرگە ماندونەناسەکانی حزبی شیوعی کردو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو پێشمەرگە گیان لەسەر دەستانە دەبێت رێزی تایبەتیان لێبگیرێت‌و سەرجەم ماف‌و داواکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت، داواشی لێکردن هاورێیانی حزبی شیوعی نوێنەریان هەبێت لە سەرجەم کۆمیتەو لقی ئەوروپای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.

نوێنەری پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستانیش سوپاس‌و پێزانینی خۆیان ئاراستەی وەفدی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کرد، دواتریش بەرێز شێخ شەماڵ بەناوی بەرێز مام جەلالەوە پشتیوانی تەواوی خۆی ئاراستەی نوێنەرانی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان کرد.

رۆژی 2006/7/28، لەهۆڵی هوزس بی تریف لەشاری ستوکهۆڵم بەرێز جەمیل هەورامی‌و شێخ شەماڵ سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانیان بۆسەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی کرد. کەتێیدا بەرپرس‌و کارگێری کەرت‌و سەرجەم ئەندامانی رێکخستنەکانی (ی.ن.ك) ئامادەیبوون‌و باسی لەدامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانی بۆ کردن‌و ئەنجومەنی کاتی بۆ دەسنیشان کرد.

سەلاح جەلیلەیی وەك بەرپرسی کاتی لقی ئەوروپای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دەستنیشان کراو شێخ چاپووك کۆیی‌و جوتیار کەرکوکی وەك کارگێرانی لق دەسنیشان کران، تاکاتی کۆنفرانس ئەم بەرێزانە دەستبەکار دەبن.

هەر لەم کۆبونەوەیەدا هەریەك لە هەورامی‌و شێخ باسی بارودۆخی ئێستاو گۆرانکارییەکانی کوردستانیان بۆ ئامادە بوان کرد.

پاشان دەرگای گفتوگۆ بۆئامادەبوان کرایەوەو رەخنەو پێشنیارەکانیان ئاراستەی بەرێزانی بەرپرس کرد لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان، دانیشتنەکە زیاتر لە(80) (پ.م)ی دێرین ئامادەیبون‌و زیاتر لەچوار کاتژمێری خایاند. بەرێز جەمیل هەورامی‌و وەفدە یاوەرەکەی لەسەر گەشتەکەیان بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا بەردەوام بوون.

## گەردەلولی مەرگ

گەردەلولی مەرگناوی ئەو کورتە فیلمەیە کەبەم دواییانە لەسەر ئەرکی بەرێوەبەرێتی گشتی قوربانیانیانی ئەنفال لەوەزارەتی ماف مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال لەئێدارەی ئەو کاتی سلێمانی بەرهەم هاتووە کارەکە بەماوەی سێ مانگ تواو بووە.

لەم کورتە فیلمەدا (15) کەسایەتی لەوانەی خۆیان بەکردەوە لەناو کارەساتەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانی کوردستاندا بوون بەشدارن‌و هەریەکەو گوزارشت لەسات‌و سەردەم‌و گەورەیی‌و گاریگەریی رووداوەکان دەکەن.

شایانی باسە ئەم کورتە فیلمە کەماوەکەی (29) خولەکە لەوێنەگرتنی هەردی مەحمودو مۆنتاژی ئالان ئومێدو لەئامادەکردن‌و دەرهێنانی محەمەد پاکژە.

پێویستە ئەوەش بوترێت بریار وایە لەسات‌و سەردەمی دادگایی کردنی دیکتاتۆری دەستگیرکراوی ئێراق‌و عەلیی کیمیایی‌و تاوانبارەکانی دیکەی ئەو رژێمە لەتاوانەکانی ئەنفال‌و کیمیاباراندا لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە نیشان بدرێت.

# پێشمەرگەی دێرین!

**بابەکر درەیی**

زۆرجار زاراوەی "پێشمەرگەی دێرین" لەناو کۆرو دانیشتنەکانی خەڵکی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت‌و هەوڵ دەدرێ ئەم زاراوەیە بەپێی دۆخ‌و هەلومەرجی مەجلیسەکان لێکدانەوەی بۆبکرێ‌و لەگەڵ ئەو سیاسەتەی بەسەر مەجلیسەکەدا زاڵە مەفهومەکەش "بار" بکرێت. ئەنجامی ئەم مەجلیسانە ئەوەیە کە کەسێك یان کەسانێك پێشنیار دەکرێن کە مادام حزب هیچی بۆئەنجام نەداون‌و لێی نەپرسیونەوە داواکاریان بۆبکرێ کە "شت" یان بۆبکرێ‌و بچنە ریزی ئەو کەسانەوە کە زۆربەی جار پێشمەرگە دێرینەکان لە داخی ئەوان نازناوی "پێشمەرگەی دێرین" وەك میلی کلاشینکۆف رادەکێشن.

بەم شێوەیە پێشمەرگەی دێرین وەك کەسێك پێناسەدەکرێ کە لەریز بەجێ ماوەو تەنها گرفت‌و کێشەی ئەو ئەوەیە کە لەو "حەڵوا" یەی بەسەر زۆر کەسدا بەشکراوە ئەویش بەشێکی بەربکەوێ‌و دەمی چەوربکرێ.

لەم پێناسە نێگەتیڤەی مرۆڤی تێکۆشەردا، خوێندنەوەی ئینسانی خەباتگێر دەگاتە نزمترین ئاست‌و ئەوکەسەی بریاری دابوو کوردستان ئازادبکات‌و عەدالەتی بۆبەدیاری بێنێ‌و لەوپێناوەدا خوێن‌و ژیانی بەخت دەکرد، دەبێتە داواکارێکی سادەی ئەو کەلو پەلانەی کە بۆ "خانوکردن" پێویستن، یان دەبێتە خوازیاری زیادبونی معاش‌و هتد...

بەڵام پێشمەرگەی دێرین دەتوانێ‌و هەقە مانای تریش ببەخشێ.

ئەو مرۆڤەی ئامادەبوبێ گیانی خۆی لەپێناوی "هەموان" دا ببەخشێ، ئەو کەسەی لەباریدا هەبووبێ "بەرژەوەندی شەخسی" خۆی تائاستی وەلانان لەبیربەرێتەوەو تەنانەت واز لە غەریزە هەرە پێویستیەکانی وەك خواردنی باش‌و هاوسەرو سۆزی منداڵ‌و کەس‌و کارو هاورێی بهێنێ، ئەو تێکۆشەرەی توانیبێتی 24 سەعاتەی ژیانی بۆ "بەرژەوەندی گشتی" و ئازادی‌و یەکسانی هەموان تەرخان بکات، دەتوانێ ئێستاش پێشمەرگەیەکی "نوێ" بێت بۆ ئەو خواستانەی حزب‌و گروپە تێکۆشەرەکانی کوردستان خەباتیان بۆکردووە.

چەمکی "دێرین" لەئان‌و ساتی ئێستادا ئەوە بەزەین دادێنێ کە فلان کەس "جاران"، لە"زەمانی رابردودا" پێشمەرگە بوەو ئێستا ئیدی یان لێپرسراوە، یان لەدەرەوەی دەزگای حزب‌و حکومەت شوێنێکی داگیرکردوە. ئەگەر لەدەسەڵاتدابێ‌و لەجێگەی خۆی رازی بێت کەس ئەوەی بەبیردانایەت کە "دێرین" بوە یان "تازە"، بەڵام ئەگەر واهەست بکات غەدری لێ کراوە ئەوا پەنا دەباتەوە بەر خەزێنەی رۆژانی پێشمەرگایەتی‌و بەزەبری ئەو تێکۆشانەی لە "رابردودا" ئەنجامی داوە هەوڵدەدات تەلەزمێك لە "گەسی" دەسەڵات لێبکاتەوەو نۆشی گیانی بکات.

ئەمە کورتە حیکایەتی ئەو مرۆڤە قارەمانەیە کە ناخ و سیمای کوردستانی عیراقی گۆری، داستان وچارەنوسی سەدان کەس لەو ئینسانانەیە کە جگە لە خۆیان هەموو کەسێکی تری ئەم وڵاتەیان بیر بوو....

دەکرێ قسەیەکی زۆر دەربارەی پێشمەرگەی دێرین بکرێ و دەرس و پەند لە ئەزموونی ئەو مرۆڤە ئازایانە وەربگیرێ کە ئێستاش دەتوانن ئیلهامدەری عەدالەت و یەکسانی بن. بۆ نمونە دەشێ بپرسین:

-بۆچی دوای 15 ساڵ لە سەرکەوتنی راپەرین زەمینەی دیاردەیەك بە ناوی "پێشمەرگەی دێرین" لە ئارادا ماوە؟

- کێ هۆکارە لە کردنی پێشمەرگە بە "بت" ێکی بێگیان کە تەنها خوازیاری ئەوەیە بیپەرستن بەو مەرجەی قسەی تری نەبێت؟

- ئایا پێشمەرگەی دێرین تەنها خوازیاری بەجێنەمانە لە ریز یان دەیەوێ قسەی تریشی هەبێ؟

دەیان پرسیاری تریش..